Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian. Conf-2019-12

# شەریعەت و یاسا وەك دوو ئامراز بۆ ئاسوودەیی خێزان

خالید موحەممەد صاڵح

زانكۆی سلیمانی // كۆلێجی یاسا

**پوختە**

بەو پێیەی خێزان یەكەمین فێرگەی ژیان و بەردی بناغەی كۆمەڵگەیە، ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگی تەواوی پێداوە و بەچەندین شێوەو لەچەندین ڕێگاوە هەوڵی پاراستن و سەرخستن و پێشخستنی داوە، پاش ئەویش یاسادانەری عێراقی لەژێر ڕۆشنایی دەقە پیرۆزەكانی شەریعەتدا یاسایەكی تایبەتی بۆ ئەو پرۆسەیە و لێكەوتەكانی تەرخان كردوە لەژێر ناوی (یاسای باری كەسێتی عێراقی) دا .

لەگرنگترینی ئەو ڕێكارو ئامرازانەی لەشەریعەت و یاسادا باس كراون بەمەبەستی سەرخستنی پرۆسەی خێزان و پارێزگاریكردن ئامانج و دەستكەوتەكانی (بەستنەوەی گشت چەمكەكانی پرۆسەی هاوسەرگیری بە پرسی باوەڕ و خواناسیەوە بەمەبەستی پیرۆزكردن و بەرزڕاگرتنی، وێناكردنی هاوسەرەكان بۆ یەكتر بەجوانترین شێوە، هەڵنان بۆ گەڕان بەشوێن هاوسەری گونجاو و دیاری كردنی گرنگترینی ئەو خاڵانەی كە دەبێت هاوسەرەكان ڕەچاوی بكەن لە كاتی هەڵبژاردنی هاوسەرەكانیاندا، پێدانی ئازادی تەواو بەهاوسەرەكان بۆ هەڵبژاردنی هاوسەرەكانیان و شێوازی ژیان لەگەڵیاندا، دیاریكردن و دابەشكردنی ئەرك و مافەكان لە نێوان هاوسەرەكاندا، هەڵنان بۆ چاوپۆشی كردن لەهەڵەكانی یەكتر و هاندان بۆ زاڵكردنی گیانی لێبوردەیی، پێدانی مافی مەرج دانان بەهاوسەرەكان بۆ ئەوەی پرۆسەكە بەو شێوەیە ئەنجام بدەن كە خۆیان پێیان خۆشە و بۆیان گونجاوە، دیاریكردنی سەرجەم ڕێگەچارەكان بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی خێزان، دیاریكرنی ڕێگاكانی جیابوونەوە لەكاتی گەیشتنی هەوڵەكانی پێكەوەبوون بە بنبەست، دیاریكردنی ئەرك و مافەكانی سەرجەم لایەنەكانی گرێبەستەكە پاش جیابوونەوە) .

ئەمانە و چەندین ئامراز و ڕێكاری تر كە لە توێژینەوەكەدا باسكراون و بە مەبەستی پاراستنی پرۆسەی هاوسەرگیری وسەرخستنی لەلایەن شەریعەتی ئیسلامی و یاسای باری كەسێتییەوە دانراون.

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : April, 2022

***Keywords***

شەریعەت، یاسا، ئاسودەیی، خێزان

***Corresponding Author***

khalid.salih@univsul.edu.iq

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ زاتی تاکی پاکی پەروەردگار، دروود و بەزەیی بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەری نازدار□ و یارو یاوەران و شوێنکەوتوانی بەگشتی:

خۆشەویستان خێزان قوتابخانەی یەکەم و بەردی بناغەو خانەی یەکەمی دروستبوونی کۆمەڵگەیە، هەر کۆمەڵگەیەکیش پرۆسەی هاوسەرگیری تێیدا سەرکەوتو ئارام و سەقامگیر بوو ئەوە بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەکەیش ئارام و سەقامگیر و بێ کێشە دەبێت و پێچەوانەکەیشی هەروایە.

چونکە منداڵەکان و نەوەکانی داهاتوو چۆن لەڕووی بایۆلۆجییەوە سیفاتە بۆماوەکانییان لەباوک و دایکییانەوە وەردەگرن، بەهەمان شێوە لە رووی ئایینی و کلتووری و نەتەوەیی و ئەخلاقیشەوە زۆربەی سیفاتەکانییان هەر لەباوک دایک و دۆخی خێزانەکانیانەوە وەردەگرن. هەر وەک پێغەمبەری خودا □ دەفەرمووێت:

{مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ}. (البخاري، صحيح البخاري).

واتا: هیچ منداڵێک نییە ئیللا لەسەر سرووشتی یەکتا پەرستی لەدایک دەبێت و دواتر باوک ودایکی دەیکەنە جولەکە یان گاور یان ئاگر پەرست .

ئەمە جگە لەوەی کەپرسی خێزان پرسێکی گشتگیرو فرە ڕەهەندەو پەیوەندەی ڕاستەوخۆی بەسەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە بەجیاوازی ئایین و نەتەوەو ڕەگەزو ڕەوتە فیکرییەکانییانەوە؛ چونکە هەمووومان مەبەستمانە نەوەیەکی تەندروست و ڕەوشت بەرز و بەهرەمەند پێشکەش بە کۆمەڵگە بکەین، بۆیە پێویستە ئەم پرسە تێکەڵ بە پاشخانی فیکری و موزایەداتی حیزبی و حەزو ئارەزووبازی نەکرێت.

هەربۆیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگی تەواوی بەپرۆسەی هاوسەرگیری و پرسی پێکهێنانی خێزان داوە و ڕێ و شوێنی تەواو تۆکمەو گرنگی داناوە لەپێناو سەرخستن و سەقامگیری پرۆسەکە و پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ لە ئامێزی خێزانێکی ئارام و تەندروستدا. پاش ئەویش یاسایی باری کەسێتی عێراق ولەژێر ڕۆشنایی دەقە پیرۆزەکانی شەریعەتدا دارشتنەوەی بۆ گرنگترینی ئەو ڕێکارو ڕێنماییە شەرعییانە لەدووتوێی چەندین دەقی یاساییدا کردووە کەجێبەجێکردنیان دەبنە گرەنتی دامەزراندنی خێزانێکی تۆکمەو بەختەوەر و کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە و نەوەیەکی تەندروست و بەئەمەک و بەهرەمەند و چارەسەرێکی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوەیشە بۆ سەرجەم کێشەخێزانییەکان و لێکەوتە خراپەکانییان.

بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا و بەهۆی لاوازبوونی ڕۆڵی ئاین و یاسا و کەمبوونەوەی کاریگەرییان لەسەر ناخی تاک و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە لەلایەک و زیادبوون و زاڵبوونی دیاردە دزێو و نامۆکانی وەک مەی و مادەی هۆشبەرو و لەشفرۆشی ڕێکخراوە فیمەنیستەکان و تێگەیشتنی هەڵە لەهەندێک چەمکی بەبەهای وەک ئازادی تاک و مافەکانی ژنان کێشەکانی خێزان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەڕووی چەندێتیو چۆنێتییەوە روویان لەزیادبوونە و لە حاڵەتەوە بون بە دیاردە. بەشێوەیەک کە لەهەندێک شوێنی هەرێمی کوردستاندا ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە زۆرترە لەڕێژەی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەمەیش زەنگێکی مەترسیدارە و خێزان و کۆمەڵگەی کوردی دەخاتە ژێر مەترسی و هەڕەشەی جدییەوە. هەرچەندە دەسەڵات و دەزگا پەیوەندیدارەکان بەناو چارەسەریان بۆ دادەنێین کەچی کێشەکان بەردەوام ڕوو لەزیادبوون هەڵایسانە و ئەنجامی پێچەوانەمان دەست دەکەوێت.

ئەمەیش هۆکارو پاڵنەری سەرەکی نووسینەوەیەی ئەم توێژینەویە بوو چونکە ئێمە وەك میللەتی کورد کە هێرشی زۆرەملێی ئەنفال و جینۆساید و کیمیایی قڕی نەکردین ئێستا بەهۆی کۆمەڵێک دیاردەی نامۆو نەخوازراوەوە خەریکە ئارەزوومەندانە ناسنامەی ئایینی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی خۆمان لەدەست دەدەین و بەدەستی خۆمان خێزان و کۆمەڵگەو نەوەکانی خۆمان قڕدەکەین.

میتۆدی نووسینی توێژینەوەکەیش میتۆدێکی وەسفی شیکارییە بۆ ئەو دەق و ئامرازانەی کە شەریعەت و یاسا دایانناوە لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی هاوسەرگیری و سەقامگیربوونی.

سەبارەت بە پەیکەری توێژینەوەکەیش تۆێژینەوەکە بەشێوەیەکی ئەژماردەکاری باس لەو ئامرازانە دەکات کەدەبنە هۆکاری سەقامگیری خێزان و بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەچوارده خاڵدا دەبینێتەوە و پاشان کۆتایی دێت بەڕوونکردنەوەی گرنگترین دەرەنجام و ڕاسپاردەکان و پاشان پوختەیەک و پێرستی بابەتەکان.

## ئامرازە شەرعی و یاساییەکان لە پێناو سەرکەوتن و ئاسوودەیی خێزان:

گرنگترینی ئەو ئامرازە شەرعی و یاساییانەی کە لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی خێزان و ئاسوودەییدا دانراون بریتین لە:

### یەکەم: بەستنەوەی گشت چەمکەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری و ئەرک و مافەکانی بە چەمکی باوەڕەوە:

ئەگەر بەوردی سەرنجی کۆی ئەو دەقە شەرعییانە بدەین کە باس لە پرۆسەی هاوسەرگیری دەکەن دەبینین زۆربەیان لە کۆتاییەکەیدا وابەستەی باوەڕبوون بەخواو ترسان لەقیامەت و لێپێچینەوەی خوای گەورە کراون، تا هاوسەرەکان لەوە حاڵی بن کە ئەگەر ستەمیان لەیەکتر کرد یان کەمتەرخەمییان لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیان کرد ئەوە ئەگەر لە لێپێچنەوەی دونیاش قوتاریان بوو ئەوە لەدادگای خودا و لێپێچینەوەی قیامەت هەرگیز قوتاریان نابێت.

بۆ نموونە چەندین دەقی قورئان لێرەدا بونموونە دەهێنینەوە لەوانە:

- ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ ۖ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ ۖ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِن بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ ۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ﴾. سورة الطلاق:١.

واتا: ئەی پێغەمبەری خودا  ئەگەر بڕیارتان دا خێزانەکانتان تەڵاق بدەن و لێیان جیاببنەوە ئەوە ئەو کاتە تەڵاقیان بدەن کە لەسوڕی مانگانەیان پاک بوونەتەوە و بەر لەوەی کاری سەرجێیان لەگەڵ بکەن و ماوەی عیدەیان بۆ ئەژمار بکەن و لەخوا بترسن و سنوورشکێنی فەرمانەکانی مەکەن وتا سووڕی مانگانەیان مابێت لەماڵەکانیان  دەریان مەکەن و با نەڕۆنە دەرەوە مەگەر کارێکی نابەجێ یان تاوانێکی ئاشکرا ئەنجام بدەن، ئەمانە سنووری فەرمانەکانی خوای گەورەن و هەرکەس سنووری فەرمانەکانی خوای گەورە ببەزێنێت و بیانشکێنێت ئەوە ستەمی لە خودی خۆی کردووە.

- ﴿وَلاَ يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ﴾. سورة البقرة:٢٢٨.

واتا: با ئافرەتان لە کاتی سووڕی مانگانەیاندا زانیاری ناڕاست نەدەن و چی لە ڕەحمیاندا بوونی هەیە ئەوە بڵێن ئەگەر باوەڕیان بەخوای گەورەو ڕۆژی دوایی هەیە.

- ﴿فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ذَلِكُمْ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا﴾. سورة الطلاق: ٢.

واتا: ئەگەر ئەو ئافرەتانەی تەڵاق دراون لە تەواوبوونی سووڕی مانگانەیان نزیک بوونەوە ئەوە یان بیانگێڕنەوە ناو ژیانی هاوسەرگیری یانیش وازیان لێبێنن با سووڕی مانگانەیان تەواو بێت و بەتەواوی لێیان جیا ببنەوە و لەهەردوو ئەگەرەکەشدا بەباشی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و ئەگەریش بڕیارتاندا بیانگێڕنەوە ئەوە باشتر وایە بە ئامادەبوونی دوو شایەتی ڕاستگۆ ئەو بڕیارە بدەن و شایەتەکان دەبێت لەبەر خوا شایەتی بدەن و ڕاستگۆ بن لە شایەتییەکەیاندا و کەم و زیادی تێدا نەکەن، ئەمە ئامۆژگارییە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەخوای گەورە و ڕۆژی دوایی هەیە و هەرکەسیش لەخوای گەورە بترسێت و فەرمانەکانی بەرز ڕابگرێت خوای گەورە هاوکاری دەکات و کارئاسانی بۆ دەکات.

- ﴿وَأُوْلاتُ الأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا﴾. سورة الطلاق: ٤.

واتا: عیدەی ئەو ئافرەتانەی کە دووگیانن دانانی سکەکانیانە و هەرکەس لەخوا بترسێت و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بێت کارەکانی بۆ ئاسان دەکات.

- ﴿وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَى بَعْضُكُمْ إِلَى بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنْكُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا﴾. النساء: ٢٠، ٢١.

واتا: چۆن مارەیی خێزانەکانتان دەخۆن و لێیان زەوت دەکەن لە کاتێکدا ئەوان پەیمان و بەڵێننامەیەکی گەورەو توندیان لێوەرگرتوون کە ستەمیان لێ نەکەن و مافەکانییان نەخۆن.

- ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا﴾. النساء: ٣٥.

واتا: ئەگەر دەترسان لەوەی کێشەکانیان سەر بکات بۆ جیابوونەوەو بەخۆیان چارەسەر نەبێت ئەوە با هەریەک لەژن و پیاوەکە نوێنەرێک بۆ خۆیان دیاری بکەن ئەگەر مەبەستیان بوو کێشەکان چارەسەر بکەن ئەو کات خوای گەورەیش هاوکاریان  دەبێت خوای گەورە زاناو بەئاگایە بەنیەتی دڵەکانییان.

- ﴿ وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ اللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ ﴾. النحل:٧٢. واتا: خوای گەورە لە ڕەگەزی خۆتان هاوسەرو خێزانی بۆ دروستکردوون و لەوانیش منداڵ و وەچەی پێداون و لەهەموو شتە باشەکان بەشی داون سەرەڕای ئەوانە هەمووی ئەوان باوەڕ بەشتی پوچ و بێدەسەڵات دەهێنن و بەرامبەر ئەو هەموو بەخششەی خوای گەورە بێباوەڕو بێ منەتی دەنوێنن.

- ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا﴾. النساء: ١.

واتا: ئەی خەڵکینە ئەو خوایە بناسن کە هەموو ئێوەی لەیەک کەس دروست کردوەو لەخۆی هاوسەری بۆ دروست کردووە.

ئەگەر سەرنجی کۆی ئەو دەقانە بدەین بۆمان دەردەکەویت کە خوای گەورە هەموو ئەو پرسانەی پرۆسەی هاوسەرگیری بە چەمکەکانی خواناسی و بڕواداریەوە بەستۆتەوە بۆ ئەوەی ئێمە بە ئاگادارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین و هەموو لایەک بەئەرکەکانی خۆی و مافەکانی کەسی بەرامبەرەوە پەیوەست بێت و بەگیانی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵەی لەگەڵ  بکات ئەگەر لەبەر کەسی بەرامبەریش نەبێت پێویستە لەبەر خوا بیکات و هیچ کات بیر لەستەم و خراپ بەکارهێنانی مافەکانی نەکاتەوە.

ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە پاڵنەرە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە بەڵام بەداخەوە ئێستا لەبری قوڵکردنەوە ئەم هەستە لەناخی خەڵکدا دەسەڵات و زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی بەناو داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان هەوڵی کاڵکردنەوەی بەها ئاینی و ئەخلاقییەکان دەدەن و لە پیرۆزییان کەم دەکەنەوە و لەبەرامبەردا برەو بەو بەرنامەو دراماو بابەتانە دەدەن کە کێشەکانی خێزان زیاتر ئاڵۆز دەکەن و کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی دەکەن.

دووەم: وێناکردنی هاوسەرەکان و پرۆسەی هاوسەرگیری لەجوانترین و ناسکترین شێوەدا:

بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾. البقرة: ١٨٧.

واتا: هاوسەرەکانتان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەیش پۆشاکن بۆ ئەوان، جا چۆن و چەند پۆشاک پێویستە بۆ جەستەی مرۆڤ و عەیب و عاری دادەپۆشێت بەهەمان شێوە هاوسەرەکانیش دەبێت هەروابن بۆ یەکتر.

یان دەفەرمویت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾. سورة الروم: ٢١.

واتا: یەکێک لەنیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە کە لە خودی خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردون تا ببنە ئارامگا بۆ ڕوح و جەستەتان و سۆزو بەزەیی و خۆشەویستی لەنێوانتاندا دروست کردووە.

ئەم وێناکردنەیش بەدڵنیاییەوە کاریگەریی ئەرێنی خۆی دەبێت لەسەر تێڕوانینی هاوسەرەکان بۆ یەکتر و کۆی پرۆسەکە.

سێیەم: هەڵنان بۆ زاڵکردنی هەڵوێست و تێڕوانینە ئەرێنییەکان و چاوپۆشیکردن لەهەڵەو کەموکورتییەکان:

خۆشەویستان مەحاڵە مرۆڤ هاوسەرێک ببینێتەوە لەهەموو سیفاتەکانی ڕازی بێت ولە هەموو ڕوویەکەوە بەو شێوەیە بێت کە ئەم دەیەوێت؛ چونکە ئێمە لە کۆتاییدا مرۆڤین و خاڵی نین لەکەموکورتی، هەر وەک چۆن مانگ ڕوویەکی گەش و ڕوونی هەیە بەڵام بەردەوام دیوێکی شاراوەی تاریکی هەیە، مرۆڤەکانیش هەروان و هەمیشە کۆمەڵێک کەموکورتیان دەبێت کەبەدڵی ئێمە نابێت، جا ئەگەر ئێمە بەردەوام خەیاڵمان لای کەموکورتییەکان بێت ئەوە سوود لە باشییەکانیشیان وەرناگرین هەر وەکو نموونەی مانگ کە باسمان کرد، ئەگەر بەردەوام خەیاڵمان لای دیوە تاریکەکەی بێت ئەوە بەدڵنیاییەوە چێژ لەدیوە ڕوناکەکەیشی نابینین، بۆیە دەبێت هەمیشە دڵمان بەڕووە گەشەکەی خۆش بێت، خوای گەورە لەو ڕووەوە ئامۆژگاری و ڕێنموویمان دەکات و پێمان دەفەرموویت:

﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا﴾. النساء:١٩.

واتا: باشبن لەگەڵ خێزانەکانتان خۆ ئەگەر شتێکیشیان هەبوو بەدڵی ئێوە نەبوو ئەوە بەو هۆیەوە ڕقتان لێیان نەبێتەوە؛ چونکە هەرخوا دەزانێت لەوانەیە شتانێک هەبێت ئێوە ڕقتان لێی بێتەوە بەڵام خوای گەورە بیانکاتە مایەی خێرێکی گەورە بۆتان. پێغەمبەری خودایش ﷺ لەو بارەیەوە دەفەرمووێت:

(لا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ)( مسلم (مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري)، صحيح مسلم، كتاب الرضاع، باب الوصية بالنساء، رقم الحديث ٣٠٨٨).

واتا: باهیچ باوەڕدارێک ڕقی لەهاوژین و هاوسەرەکەی نەبێتەوە چونکە ئەگەر ڕقی لە ئاکارێکی بێت ئەوە چەندین ئاکاری تری هەیە کە جێی ڕەزامەندی ئەو بێت.

ئەمەیش خاڵێکی گرنگە بۆ تەبایی هاوسەرەکان؛ چونکە زۆربەی کێشەکان لەخاڵێکی بچوکەوە سەرهەڵدەدەن و مرۆڤ لە خۆی گەورە دەکات و دەیکاتە چەقی تێڕوانین و هەڵسەنگاندن بۆ هاوسەرەکەی و بەو هۆیەیشەوە هەموو چاکەو باشەکانیشی لەبیر دەکات و هەستیان پێ ناکات.

بۆیە گرنگە تێڕوانینی هاوسەرەکان هەمیشە بۆ خاڵە ئەرێنییەکان بێت و ئەگەر خاڵێکی نەرێنیش هەبوو ببەخشن بەخاڵە ئەرێنییەکان.

چوارەم: هەڵبژاردنی کەسی شیاوو هاوشان بۆ هاوسەرگیری کردن:

ئەمە هۆکارێکی تری گرنگی سەرکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیرییە کەدەبێت هاوسەرەکان هاوشانی یەکتر بن لە هەموو ئەو لایەنانەوە کە لەڕووی ئایینی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و دارایی و دەروونییەوە بەهەند وەردەگیرێن، لەوانە: ئایین، ڕەوشت، ڕەچەڵەک، پیشە، جوانی، داهات، بڕوانامە و ئاستی خوێندەواری، و هەر ڕوویەکی تر کە بەلای لایەنەکانی گرێبەستەکەوە گرنگ بێت؛ چونکە نزیکی هاوسەرەکان لەم ڕووانەوە هەلی لێکتێگەیشتن زیاتر و زووتر دەکات، بەپێچەوانەیشەوە جیاوازییان لەو ڕووانەوە هەلی لێکتێگەیشتن دوورتر و درەنگتر دەکات و بگرە هەندێک کات مەحاڵ دەکات، بۆیە زۆر کات کێشەی هاوسەرەکان ئەوەیە کە یەکێکیان لەوی تریان زۆر جوانتر یان دەوڵەمەندتر یان خوێندەوار تر بێت، ئەمە هەمیشە هەستی ستەملێکراوی لا دروست دەکات و زۆر کات ئەم هەستە بەرەو بژاردەی خراپی دەبات، بۆیە وا باشترە تا دەتوانین هەوڵ بدەین کە هاوسەرەکان هاوشانی یەکتر بن لەو ڕووانەوە.

هەر لەو ڕووانگەیەوەیە کە ئیسلام مەرجی موسوڵمانبوونی هاوسەرەکان بەهەند وەردەگرێت و ڕێگە بەهاوسەرگیری خەڵکانی موسوڵمان لەگەڵ خەڵکی لائیک و خوا نەناس نادات و یاسای باری کەسێتیش ئەو مەرجەی بەهەند وەرگرتووە کاتێک لە مادەی (١٧) دا دەڵێت: (يصح للمسلم أن يتزوج كتابية، ولا يصح زواج المسلمة من غير المسلم).

واتا: پیاوی موسوڵمان بۆی هەیە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی موسوڵمان یان مەسیحی و جولەکە بکات، بەڵام ئافرەتی موسوڵمان بۆی نییە جگە لەگەڵ پیاوی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ هەڵگری هیچ ئاینێکی تر بکات.

هۆکاری ئەم جیاوازیەیش لەنێون ژن و پیاو لەم حوکمەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەرجی هاوشانیبوون لەهاوسەرگیریدا لەپیاودا پێویستە بەرامبەر بە ئافرەت و نەک بەپێچەوانەوە هەر بۆیە پیاوی ناموسوڵمان بە هاوشانی ئافرەتی موسوڵمان دانانرێت.

پێنجەم: هەڵسەنگاندنی تەواوی هاوسەرەکان بۆ یەکترو پەلە نەکردن لە بڕیاردان:

بەو پێیەی کە هاوسەرگیری پرۆسەیەکی هەمیشەییەو تا کۆتایی تەمەن درێژەی دەبێت پێویستە مرۆڤ زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵ بکات و تاتەواو لە هەڵبژاردنەکەی دڵنیا نەبێت هیچ بڕیارێکی لەبارەوە نەدات.

ئەو خاڵانەی دەکرێت بکرێنە پێوەر بۆ هەڵبژاردنەکانمان زۆرن و سەرەکیترینییان ئەوەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا ئاماژەی پێدەکات و دەفەرموێت: (تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ: لِمَالِهَا، وَلِحَسَبِهَا، وَلِجَمَالِهَا، وَلِدِينِهَا)( مسلم، صحيح مسلم، كِتَابُ الرِّضَاعِ، بَابُ اسْتِحْبَابِ نِكَاحِ ذَاتِ الدِّينِ، حديث رقم ٢٧٥٣ ).

واتا: چوار سیفەت هەیە لە ئافرەتاندا دەکرێت هەر یەکەیان بکرێنە هۆکاری هەڵبژاردنیان: جوانی، دەوڵەمەندی، بنەماڵە و کەسایەتی کۆمەڵایەتی، ئایین و دینداری.

دواتر ڕێنموویمان دەکات بۆ ئەوەی کە دینداری بکەینە پێوەری سەرەکی و سەنگی مەحەکی هەڵبژاردنەکانمان، چونکە دینداری کۆمکاری هەموو ڕەوشتە بەرزو ئاکارە جوانەکانەو بەربەستێکی باشیشە لەبەردەم هەموو ئاکارێکی بەدو دزێودا.

دینداریش تەنها بەناو یان قسە یان بانگەشە و ڕوکار نییە بەڵکو بریتییە لەداڕشتنەوەی کۆی ڕەفتارو گوفتارو تێڕوانینەکانمان بەپێی دەقە شەرعییەکان، دینداریەک ئەم کاریگەرییە لەسەر خاوەنەکەی دروست نەکات پێی ناگوترێت دینداری.

خۆشەویستان بڕیاری چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری کارێکی ئاسانە بەڵام تاسەر بەردەوامی لەسەر بڕیارەکە و پێکانی ئامانجەکانی پرۆسەکە و دروستکردنی خێزانێکی تەبا و خستنەوەی وەچەیەکی تەندروست هەروا ئاسان نییە و هەموو ئەمانە پەیوەستن بە بڕیاری یەکەمی هەڵبژاردنەکەمانەوە؛ هەر بۆیە گرنگە بەر لەبڕیادان لەئەنجامدانی پرۆسەکە یان ڕەتکردنەوەی هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ کەسی بەرامبەرو خانەوادەکی بکەین و تا تەواو دڵنیا نەبین هیچ بڕیارێکی لەبارەوە نەدەین؛ هەر بۆیە پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر جەختی لەسەر ئەم خاڵە کردۆتەوە و هەر هاوەڵێکی ویستبێتی هاوسەرگیری بکات پێی فەرمووە جوان سەیری بەرامبەرەکەت بکە لێی ورد بەرەوە ئەوە گرەنتی مانەوەی پرۆسەکە زیاتر دەکات.

یاسایی باری کەسێتیش بەمەبەستی پێدانی دەرفەتی زیاتر بەهاوسەرەکان قۆناغی خوازبێنی و داواکردن بەگرێبەست لەقەڵەم نادات و هاوسەرەکانی پێوە پەیوەست ناکات تا هاوسەرەکان مافی تەواوی بیرکردنەوە و بەخۆداچونەوایان هەبێت و لە بڕگەی (٣)ی مادەی (٣) دا دەڵێت: (الوعد بالزواج، وقراءة الفاتحة، والخطبة لا تعتبر عقدا). واتا: بەڵێندان بەهاوسەرگیری و خوێندنی سورەتی فاتیحە و خوازبێنیکردن بەگرێبەست ئەژمار ناکرێت.

شەشەم: ڕەزامەندی تەواو بە ئەنجامدانی گرێبەستەکە:

بەو پێیەی کە هاوسەرگیری گرێبەستەو بنەمای دامەزراندنی هەر گرێبەستێکیش چەند سادەو ئاسایی بێت بوونی ڕەزامەندیی لایەنەکانێتی، هاوسەرگیریش هەر گرێبەستێکی ئاسایی نییە بەڵکو یەکێکە لە گرێبەستە هەرە گرنگ و پڕ بەهاکان؛ هەر بۆیە خوای گەورە لە قورئاندا وشەی (الميثاق الغليظ)ی بۆ بەکار هێناوە؛ بۆیە گرنگە لایەنەکانی گرێبەستەکە ڕەزامەندی تەواویان هەبێت بە ئەنجامدانی لە هەموو ڕوویەکەوە، هەر کاتێکیش ئەو ڕەزامەندییە نەما و گرێبەستەکە زۆری تێدا درووست بوو ئەوکات گرێبەستەکە شەرعییەت لەدەست دەدات و بوون و نەبوونی چوون یەک دەبێت و هیچ شوێنەوارێکی شەرعیشی لەسەر دروست نابێت و لایەنەکانی گرێبەستەکە بە یەکتر حەڵاڵ نابن، شێوازی زۆرکردنەکە هەرچۆ بێت و هەر کەس بیکات مادی بێت یان مەعنەوی هیچ جیاوازی نییە و هەر حەرامە.

خوای گەورەیش لە قورئاندا بوونی زۆر بۆ هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە تەنانەت ئەگەر شتکە تەواو حەق و ڕاستیش بێت هەر وەک بابەتی باوەڕبوون بەخوای گەورە و لەبارەیەوە لە قورئاندا دەفەرمووێت:

(لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ). البقرة: ٢٥٦. واتا: زۆرکردن لە دینداریدا نییە.

جا ئەگەر خوای گەورە زۆرکردن بۆ شتێکی تەواو ڕەوای وەک باوەڕبوون بە زاتی خۆی ڕەت بکاتەوە ئەی چۆن بۆ وابەستەکردنی ژیانی خەڵکانی تر پێکەوە قبوڵ دەکات، لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەقە پیرۆزەیشدا پێغەمبەری خوادا ﷺ هەموو گرێبەستێکی هاوسەرگیری زۆرکاری ڕەتکردۆتەوە.

خۆشەویستان هەندێک دیاردەی کۆمەڵایەتی هەبوون لە کۆندا هیچ پەیوەندیەکییان بەشەریعەتی ئیسلامییەوە نەبوەو نییە و بگرە پێچەوانن لەگەڵ زۆر مەبەست و دەقی شەرعیدا لەوانە: دیاردەی بەزۆر بەشوودان، یان لەسەر بێشکە مارەکردن، یان گەورە بەبچووک کردن کە هیچ کام لەم پرۆسانە ڕەزامەندی هاوسەرەکانی تێدا بەهەند نەگیراوەو ئەگەریش گیرابێت ئەوە ڕەزامەندییەکە بەهۆی کەمی تەمەن یان ڕووگیری یان بوونی زۆر جێگەی متمانە نەبووە.

هەربۆیە پێغەمبەری خودا ﷺ هەموو هاوسەرگیرییەکی لەوجۆرەی ڕەتکردۆتەوە بۆ نموونە خاتوو عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت:

(جَاءَتْ فَتَاةٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ، فَقَالَتْ: إِنَّ أَبِي زَوَّجَنِي ابْنَ أَخِيهِ، لِيَرْفَعَ خَسِيسَتَهُ، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ الأَمْرَ إِلَيْهَا، قَالَتْ: فَإِنِّي أَجَزْتُ مَا صَنَعَ أَبِي، أَرَدْتُ أَنْ تَعْلَمَ النِّسَاءُ، أَنْ لَيْسَ إِلَى الآبَاءِ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ)( الإمام أحمد، المسند، ج٦، ص١٣٦، مسند الأنصار، الملحق المستدرك من مسند الأنصار، حديث: ٢٤٥١٥ ).

واتا: ئافرەتێک هاتە خزمەت پێغەمبەر و گوتی: باوکم بەزۆر دەمدات بە برازاکەی کەکەسێکی بودەڵ و نابوتە بۆ ئەوەی بەمن کەسایەتی بۆ دروست بکات، پێغەمبەری خوا هاوسەرگیریەکەی ڕەتکردەوە و بڕیارەکەی دایەوە دەستی خۆی. ئافرەتەکە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا من قسەکەی باکم ڕەت ناکەمەوە و بەگوێی دەکەم بەڵام تەنها ویستم ئەوە بۆ ئافرەتانی موسوڵمان ڕوون بکەمەوە کە باوکان ناتوانن بەزۆر هاوسەرگیریان بۆ بکەن و بڕیار لەچارەنووسیان بدەن.

یاسای باری کەسێتیش هەموو جۆرە زۆرکردنێکی لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری ڕەتکردۆتەوە و لە برگەی (١) ی مادەی (٩) دا دەڵێت: (لا يحق لأي من الأقارب أو الأغيار إكراه أي شخص ذكراً كان أم أنثى على الزواج دون رضاه، ويعتبر عقد الزواج بالإكراه باطلاً إذا لم يتم الدخول، كما لا يحق لأي من الأقارب أو الأغيار منع من كان أهلاً للزواج بموجب أحكام هذا القانون من الزواج). واتا: هیچ کەسێکی نزیک یان بێگانە بۆی نییە کەسێکی تر ناچار بکات نێر بێت یان مێ لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری بەبێ ڕەزامەندی خۆی، هەر گرێبەستێکیش بە زۆر ئەنجامبدرێت بەپوچەڵ دادەنرێت ئەگەر چوونە لا ڕوی نەدابێت، بەهەمان شێوە و بەپێی ئەم یاسایە هیچ کەسێک بۆی نییە نزیک بێت بێگانە ڕێگری لە کەسێک بکات شیاوی یاسای هەبێت پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدات.

خۆ ئەگەر چوونە لا ڕوویدا ئەو کات کەسی زۆرلێکراو بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات بەپێی برگەی (٤) مادەی (٤٠).

لەبڕگەی (٢) مادەی (٩) دا باس لەسزای ئەو کەسانە دەکات کە سەرپێچی یاسا دەکەن لەو ڕووەو دەڵێت: (يعاقب من يخالف أحكام الفقرة ١ من هذه المادة بالحبس مدة لا تزيد على ثلاث سنوات وبالغرامة او بإحدى هاتين العقوبتين إذا كان قريبا من الدرجة الأولي اما إذا كان المخالف من غير هؤلاء فتكون العقوبة بالسجن مدة لا تزيد على عشرة سنوات او الحبس مدة لا تقل عن ثلاث سنوات). واتا: هەر کەس سەرپێچی لە برگەی (١) ی ئەم مادەیەی کرد و بەزۆر هاوسەرگیری بۆ کەسێکی تر ئەنجام دا یان ڕێگری لێ کرد سزا دەدرێت بە بەند کردن بۆ ماوەیەک کە لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت و غەرامەیش دەکرێت و یان بە یەکێک لەو دوانە سزا دەدرێت ئەگەر کەسەکە کەسی نزیکی پلە یەکی کەسی زۆرلێکراو بوو، خۆ ئەگەر کەسی سەرپێچی کار لە یاساکە پلە یەک نەبو ئەوە سزا دەدرێت بەبەند کردن بۆ ماوەیەک کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لەدە ساڵ زیاتر نەبێت.

## حەوتەم: پێدانی مافی مەرج دانان بەهاوسەرەکان:

ئەمە هۆکارێکی تری گرنگی سەرکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیرییە و مافێکی بنەڕەتی هاوسەرەکانە بەڵام بەداخەوە زۆرێک لەهاوسەرەکان لێی بێ ئاگان و بەکاری ناهێنن.

هەرچەندە شەریعەتی ئیسلامی هێڵە گشتی و بنەڕەتییەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری و سەرجەم گرێبەستەکانی تری دارشتووە بەڵام وردەکارییەکانی ئەنجامدانی گرێبەستەکانی بۆ لایەنەکانی گرێبەستەکە خۆیان جێهێشتووە تا هەر کەسەو بەپێی گونجان و هەل و مەرجی ژیانی خۆی ئەنجامی بدات.

لە گرێبەستی هاوسەرگیریشدا هەمان ماف بۆ هاوسەرەکان هەیە و بۆیان هەیە لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکەدا هەموو ئەو مەرجانە دابنێن کە بۆ ژیانی خۆیان بە گونجاوی دەزانن بەمەرجێک مەرجەکان پێچەوانەی دەقێکی شەرعی یان مەبەست و ئامانجەکانی پرۆسەکە نەبن، بۆ نموونە ئافرەت بۆی هەیە مەرجی ئەوە دابنێت کە خوێندن تەواو کات، یاخود بەردەوام بێت لەسەر کارەکەی، یان ژنی بەسەر نەیەت، یان تەڵاق بەدەست بێت، پیاویش دەتوانێت پێچەوانەی ئەوە مەرجانە لەسەر خێزانەکەی دابنێت و هەر کات کەسی بەرامبەر بەمەرجەکان ڕازی بوو ئەوە دەبێت دواتر پێیانەوە پابەند بێت و هەر سەرپێچییەک لەو مەرجانە سەرپێچییە لەفەرمانەکانی شەرع و کەسەکەیش بەرپرسیارێتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ هەروەک پێغەمبەری خودا دەفەرموێت: (المسلمون على شروطهم)( الترمذي، سنن الترمذي، باب ما ذكر عن رسول الله صلى الله عليه وسلم في الصلح، رقم الحديث (١٣٥٢) ).

واتا: باوەڕداران دەبێت پابەند بن بە مەرجەکانیانەوە یاخود دەفەرموێت:

(أَحَقُّ الشُّرُوطِ أَنْ تُوفُوا بِهِ مَا اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الْفُرُوجَ)( البخاري (محمد بن إسماعيل البخاري)، صحيح البخاري، دار طوق النجاة، ط١، ١٤٢٢هـ مسلم، صحيح مسلم، مصدر سابق ).

واتا: لە پێشترینی ئەو مەرجانەی کە پێویستە پێیانەوە پابەند بن ئەو مەرجانەن کە خێزانەکانتانی پێ حەڵاڵ بوون. یاسای باری کەسێتیش مافی دانانی مەرج دەداتە هاوسەرەکان و لەو بارەیەوە لە برگەی (٣) ی مادەی (٦) دا دەڵێت: ( الشروط المشروعة التي تشترط ضمن عقد الزواج معتبرة يجب الإيفاء بها).

واتا: ئەو مەرجانەی کە ڕێگەپێدراون و بەمەرج دەگیرێن لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا لەڕووی یاساییشەوە پەسەندن و پێویستە لایەنەکانی گرێبەستەکە پێیانەوە پابەند بن.

## هەشتەم: بوونی شیاوی یاسایی و توانای بڕیاردانی تەواو و تەندروست لای هاوسەرەکان:

ئەویش بەوەی کەسانێکی عاقڵ و پێگەیشتوو بن و هیچ گرفتێکی دەروونی یان ژیریان نەبێت.

یاسای باری کەسێتی عێراقیش کە لە شەریعەی ئیسلامی هەڵێنجراوە گرنگی تەواوی بەم لایەنە داوە و ڕێوشوێنی تەواوی گرتۆتە بەر لەپێناو دڵنیابوون لەجێبەجێکردنی لەوانە:

یاساکە لە مادەی پێنجدا بەشێوەیەکی گشتی باس لە دڵنیابوون لە بوونی شیاوی یاسایی دەکات بەپێی پێودانگە شەرعیی و یاساییەکان و دەڵێت: (تتحقق الأهلية في عقد الزواج بتوافر الشروط القانونية والشرعية في العاقدين، أو من يقوم مقامهما).

واتا: شیاوی یاسایی بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری بەدڵنیابوون لە بوونی گشت مەرجە یاسایی و شەرعییەکان دەبێت لە لایەنەکانی گرێبەستەکەدا یان ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتییان دەکەن.

پاشان و لە مادەکانی (٧) و (٨) دا یاساکە دێتە سەر وردەکارییەکانی ئەم مەرجەو لە بڕگەی (١) ی مادەی (٧) دا دەڵێت: (يشترط في تمام أهلية الزواج العقل، وإكمال الثامنة عشرة).

واتا: بەمەبەستی بوونی شیاوی تەواو بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری پێویستە هاوسەرەکان عاقڵ بن و هەژدە ساڵیان تەواو کردبێت، ئەم دوو مەرجەیش شیاوی تەواو دەدەن بە هاوسەرەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە.

دواتر یاساکە باس لە هەندێک حاڵەت دەکات کە لەوانەیە ئەو دوو مەرجە تێیدا وەکو پێویست نەبێت لەوانە لە کاتی بوونی گرفت لە ژیری کەسەکاندا، بڕگەی (٢) ی مادەی (٧) دا باس لو حاڵەتە دەکات و دەڵێت: (للقاضي أن يأذن بزواج أحد الزوجين المريض عقلياً إذا ثبت بتقرير طبي أن زواجه لا يضر بالمجتمع وأنه في مصلحته الشخصية إذا قبل الزوج الآخر بالزواج قبولاً صريحاً).

واتا: دادوەر بۆی هەیە ڕێگە بە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری بدات ئەگەر یەکێک لەهاوسەرەکان نەخۆشیەکی عەقڵییان هەبوو ئەگەر بەراپۆرتێکی پزیشکی ئەوە سەلمێنرا کە ئەو هاوسەرگیرییە زیانی بۆ کۆمەڵگە نابێت و لەبەرژەوەندی کەسە نەخۆشەکەیە بەمەرجێک کەسی بەرامبەر لەو نەخۆشیە ئاگادار بکرێتەوە و ڕاشکاوانە قبوڵی پرۆسەکە بکات.

پاش ئەوەو لە مادەی (٨) دا یاساکە دێتە سەر باسی ئەو حاڵەتانەی کە لەوانەیە هاوسەرەکان لەڕووی تەمەنەوە تەمەنیان هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت و لە دوو بڕگەدا باس لەڕێکاری چارەسەری ئەو جۆرە کێشانە دەکات و لە بڕگەی (١) دا دەڵێت: (إذا طلب من أكمل الخامسة عشرة من العمر الزواج فللقاضي أن يأذن به إذا ثبت له أهليته وقابليته البدنية بعد موافقة وليه الشرعي، فإذا إمتنع الولي طلب القاضي منه موافقته خلال مدة يحددها له، فإن لم يعترض، أو كان إعتراضه غير جدير بالإعتبار أذن القاضي بالزواج).

واتا: ئەگەر کەسێک تەمەنی پازدە ساڵی تەواو کردبوو داوای هاوسەرگیری کرد دادوەر بۆی هەیە مۆڵەتی پێ بدات ئەگەر بۆی دەرکەوت لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە شیاوە، پاش وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرپەرشتیارەکەی خۆ ئەگەر سەرپەرشتیارەکەی مۆڵەتی پێ نەدا دادوەر ماوەیەکی بۆ دیاری دەکات ئەگەر ڕێگری نەکرد یاخود ڕێگرتنەکەی پاساوێکی ئەوتۆی نەبوو دادوەر مۆڵەتی پێ دەدات.

لەبڕگەی (٢) دا دەڵێت: (للقاضي أن يأذن بزواج من بلغ الخامسة عشرة من العمر إذا وجد ضرورة قصوى تدعو إلى ذلك، ويشترط لإعطاء الإذن تحقق البلوغ الشرعي والقابلية البدنية).

واتا: دادوەر بۆی هەیە مۆڵەتی هاوسەرگیری بەکەسێک بدات کە تەمەنی گەشتۆتە (١٥) ساڵ ئەگەر بینی پێویستییەکی زۆری پێی هەیە، وە مەرجی پێدانی مۆڵەتەکە پەیوەستە بەوەی کەسەکە لەڕوی شەرعەوە پێگەیشتوو بێت و لەڕووی جەستەییەوە لێهاتوویی هەبێت.

سەرەڕای ئەوانە هەمووی یاسا مافی هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکە دەدات بە هەر کەسێک کە بەر لەپێگەیشتن پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ ئەنجام درا بێت و لە بڕگەی (٣) مادەی (٤٠) دا - کە تایبەتە بەو حاڵەتانەی کە ژن و پیاو بۆیان هەیە داوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکەیان بکەن- دەڵێت: (إذا كان عقد الزواج قد تم قبل إكمال أحد الزوجين الثامنة عشرة دون موافقة القاضي).

واتا: ئەگەر گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە بەبێ مۆڵەتی دادوەر و بەر لەوەی یەکێک لەهاوسەرەکان تەمەنیان هەژدە ساڵی تەواو کردبێت ئەنجامدرابێت.

نۆیەم: دابەشکردنی ئەرک و مافەکان لەنێوان هاوسەرەکاندا بەشێوەیەکی یەکسان و دادوەرانە:

گرێبەستی هاوسەرگیری وەک هەر گرێبەستێکی تر ئەرک و ماف بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەر یەک لەهاوسەرەکان مافی هەیە و هێندەی مافەکانیشی ئەرکی هەیە، ئەو ئەرکو مافانەیش لەبەر زۆری و ئاڵۆزی و بەردەوامیان زۆر کات لەوانەیە کێشە لەسەر شێوازی دابەشکردنیان دروست بێت؛ بۆیە خوای گەورەو بەمەبەستی بنبڕکردنی زۆرێک لەو کێشانە ئەرک و مافەکانی پرۆسەکەی بەشێوەیەکی هاوسەنگ و دادوەرانە لەنێوان هاسەرەکاندا دابەش کردوە، بەشێوەیەک کە لە گەڵ سروشتی کەسەکان و هەڵکەوتە دەروونی جەستەییەکەیاندا گونجاو بێت و ڕەچاوی بەرژەوەندی ئەوان و منداڵەکانیان و خانەوادەکانیشیان بە هەند وەربگرێت .

لەو پێناوەدا سەرجەم ئەرکە داراییەکانی پرۆسەکەی لەنموونەی دابینکردنی مارەیی و بژێوی و شوێنی حەوانەوە و سەرجەم پێویستییە داراییەکانی تری ئافرەتەکەی خستۆتە سەر شانی پیاو بەو پێیەی کەپیاو لەڕووی جەستەییەوە توانای کاری لە ئافرەت زیاترە و هەموو جۆرە کارێکیشی پێ دەکرێت بەپێچەوانەی ئافرەتەوە کە لەڕووی جەستەییەوە توانای پیاوی نییە و مانگانە سوڕی مانگانەی هەیە و ساڵانەیش ئەگەری دووگیان بوون و منداڵبوون و خوێنی دوای مناڵبوون و پاشان دووساڵ شیرپێدانی هەیە و هەموو ئەمانەو چەندین گۆڕانکاری جەستەیی تر هەیە کە هەموویان لەتوانای وەبەرهێنان و کارکردنی کەم دەکەنەوە؛ بۆیە ئیسلام گشت ئەرکە داراییەکانی خستۆتە سەر شانی پیاو؛ تاکو ئافرەتان تووشی هیچ ئاستەنگێک نەبن لەو ڕووەوە.

لەبەرامبەرداو لە پێناو خستنەوەی وەچەیەکی تەندروست و گەشەکردوو گشت ئەرکەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی وەچەکانی داهاتووی بە ئافرەتان سپاردووە لەوانە: ئەرکی شیرپێدان و بەخێوکردن و لەخۆگرتن.

هەرکاتیش یەکێک لەهاوسەرەکان پابەندنەبوون بەئەرکەکانی سەرشانیان لەبەرامبەردا مافەکانیشیان لەدەست دەدەن.

بەم شێوەیەیش ئەرک و مافەکان بەشێوەیەکی دادوەرانە دابەش دەبن و منداڵەکانیش لەکەشێکی ئارامدا گەشە دەکەن.

لە گەڵ تێبینی کردنی ئەوەی ئەم جۆرە دابەشکردنە حەتمی نین و هاوسەرەکان دەتوانن لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی خۆیان دەسکاری زۆرێک لەو شێوازی دابەشکردنانە بکەن. بۆ نموونە دەکرێت ئافرەت دەستبەرداری مافی دابینکردنی بژێوییەکەی یان مارەییەکەی بێت و لەبەرامبەریشدا پیاو دەستبەردای مافی قەوامە بێت. بەڵآم لە هیچ کاتێکدا ڕێگە نادرێت کە ئەم سازشکردنە لەسەر حسابی بەرژەوەندی منداڵەکانیان بێت.

ئەم دابەشکردنەیش تەنها بۆ کاتی بەردەوامبوونی پرۆسەکە نییە بەڵکو لە کاتی هەڵوەشاندنەوەیشیدا ئەرک و مافە دارایی و جەستەیی و دەروونییەکانییان بەپێی ڕێژەی بەرپرسیارێتیان لە جیابوونەوەکە دادوەرانە بەسەریاندا دابەش دەکرێت.

ئێستا زۆر بەداخەوە ئەم شێوازی دابەشکردنی ئەرک و مافە لەلایەن بەناو داکۆیکارانی مافەکانی ژنانەوە و بەبیانووی نایەکسانی بوون تەواو شێوێنراوە، لەکاتێکدا ئەوان جگە لە بشێوی و قسەی زل و بێ بنەما پرۆژەیەکی جێگرەوەیان بۆ شێوازی دابەشکردنی ئەو ئەرک و مافانە نییەو لەماوەی ڕابوردوودا جگە لەتێکدانی ڕەوشی خێزان و بەدبەختکردنی ژنان و زیاتر ئاڵۆزکردنی کێشەکانی خزمەتێکیان بەو پرۆسەیە نەکردووە.

دەیەم: ناسینی هاوسەرەکان و شارەزایی تەواویان لەیەکترو بە ئاگابوونی تەواویان لە وردەکارییەکانی پرۆسەکە:

بەو مەبەستەی هیچ نەزانی و نەشارەزاییەک لە پرۆسەکەدا نەبێت، تا لەسەر بنەمای بەرچاوڕوونی بڕیاری لەبارەوە بدەن.

ئەمەیش بەڕوونی لەیاسای باری کەسێتیدا باس کراوەو بەمەرج گیراوە، بۆ نموونە لە بڕگەی (١) مادەی (٦)ی یاساکەدا دەڵێت: (گرێبەستی هاسەرگیری دانامەزرێت ئەگەر یەکێک لەمەرجەکانی دامەزراندن یان دروستی لەدەست دا کە لێرەدا ڕوونکراوەتەوە) لەو مەرجانەی کە یاساکە باسی کردوون و بەمەرجی گرتون:

أ. إتحاد مجلس الإيجاب والقبول.

واتا: دەبێت لە یەک کات و یەک شوێندا هاوسەرەکان گوزارشت لە ڕەزامەندییان بکەن بە ئەنجامدانی گرێبەستەکە.

ب. سماع كل من العاقدين كلام الآخر واستيعابهما بأن المقصود منه عقد الزواج.

واتا: هەر یەک لەهاوسەرەکان گوێبیستی قسەکانی بەرامبەرەکەی بێت و تێی بگات کەمەبست لێی ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیرییە.

ج. موافقة القبول للإيجاب.

واتا: دەبێت قسەی هاوسەرەکان هاوتاو تەبای یەکتر بن و جیاوازی لە نێوان قسەکانیاندا نەبێت.

کەواتا و بەپێی ئەم بڕگانە پێویستە هاوسەرەکان بەتەوای یەکتریان بینیبێت و ناسیبێت و ئاگاداری وردەکارییەکانی گرێبەستەکە بن و هچ بەرچاولێڵییەکیان لەو بارەیەوە نەبێت .

یازدەیەم: هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێگەگرتن لە گەورەبوونیان:

ئەمیش لەڕێی گفتوگۆ و ئامۆژگاری و دانانی نوێنەرو پەنابردنە بەر دادگاو وپێدانی مافی جیابوونەوە لەکاتی سەرکردنی کێشەکان بۆ زیانپێگەیاندن، جا زیانەکان ئایینی یان جەستەیی یان دەروونی یان دارایی یان سێکسی یان سۆزداری یان هەر جۆرێکی تر بێت، هەموو ئەوانیش لە پێناو بنەبڕکردنی کێشەکان و ڕیگەگرتن لەتەشەنەکردنییان و بەردەوامییان.

لەگەڵ ڕەچاوکرنی ڕیزبەندی و قۆناغبەندی بەکارهێنانی چارەسەرەکان و پەنا نەبردنە بەر تەڵاق و جیابوونەوە لەسەرەتای کێشەکاندا، ئەوەی ئێستا بەداخەوە ڕوودەدات ئەوەیە کە هاوسەرەکان هیچ ڕۆشنبیرییەکیان دەربارەی پرۆسەی هاوسەرگیری نییە و لەبەرامبەر بچووکترین کێشە پەنا دەبەنە بەر تەڵاق و جیابوونەوە بێ گوێدان بە چارەنووسی منداڵ و ئەو هاوسەرەی بەهۆی ئەم هەڵوێستەی ئەمەوە تا قیامەت بەدبەخت و چارەڕەش دەبێت.

خوای پەروەردگار چەندین ڕێگای داناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان بەر لە پەنا بردنە بەر تەڵاق و جیابوونەوە، لەوانە: ئامۆژگاری و بیر خستنەوە، ئەگەر سوودی نەبوو دەکرێت پەنا ببرێتە بەر قسە لەگەڵ نەکردن و جێگا لێ جیا کردنەوەو لەگەڵ نەخەوتن، ئەگەر ئەوەیش چارەسەری نەکرد دەکرێت پەنا ببرێتە بەر لێدانێک کە نابێت جگە لەئازاری دەروونی ئازاری جەستەیی دروست بکات، ئەگەر ئەویش هەر سوودی نەبوو ئەو کات دەکرێت هەر یەک لەهاوسەرەکان نوێنەرێک لەبری خۆیان دابنێن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەگەر ئەوانیش سەرکەوتو نەبوون لەچارەسەرکردنی کێشەکان ئەو کات دەکرێت پەنا ببرێتە بەر تەڵاق و جیابوونەوە و لەو حاڵەتەیشدا پێویستە کەسەکە تەنها یەک تەڵاق بەکاربهێنیت بۆ ئەوەی دەرگای بەخۆداچونەوە لەسەر یەکتر دانەخەن و هەر کات کەسی بەرامبەر ئامادەیی دەربڕی کە بەخۆیدا بچێتەوە ئەوکات دەتوانن بگەڕێنەوە لای یەکتر و بەردەوامی بە پرۆسەکەیان بدەن، ئەگەریش سوودی نەبوو ئەو کات بۆی هەیە جارێکی تریش تەڵاقی بەرامبەر بەکار بهێنێت و کۆتایی بەپرۆسەکە بهێنێت.

ئەوەی ئێستا گرفتە لەنێو خەڵکیدا ئەوەیە کە هاوسەرەکان بۆ بچوکترین کێشە پەنا دەبەنە بەر تەڵاق و جیابوونەوە و یەکسەریش سێ جار تەڵاق دەخۆن و دەرگای بەخۆداچونەوە بەڕووی یەکدا دادەخەن.

دوازدەیەم: پێدانی مۆڵەتی بەخۆداچونەوە بۆ چارەسەری کێشەکان:

هەر بۆیە خوای گەورە بۆ یەکلاییکردنەوەی هەر پرۆسەیەک سێ تەڵاقی داناوە تا هاوسەرەکان لە ماوەی عیدەدا مۆڵەتی بەخۆداچوونەوەیان هەبێت و سوود لەهەڵەکانی ڕابووردوویان وەرگرن و هەڵی دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ بدەن.

سیازدەیەم: مامەڵە کردن لەگەڵ پرسەکانی خێزان لەسەر بنەمای دادوەری و بابەتیبوون و داڕشتنەوەی ئەرک و مافەکانی گشت لایەنەکانی گرێبەستەکە لەسەر ئەو بنەمایانە و بەدوور گرتنی لە ململانێ سیاسی و حیزبیی و ئایدۆلژییەکان:

بەداخەوە ئەمڕۆ لایەنەکانی دەسەڵات لە پێناو دەستخستنی داهات و پشتیوانی ناوچەی و نێودەوڵەتی بەها ئایینی و ئەخلاقییەکان و پرسەکانی خێزان لەمەزادی سیاسەتدا هەرزان و تاڵان فرۆش دەکەن و یاساکان بەپێی بنەما و بڕگەکانی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان هەموار دەکەنەوە بەبێ ڕەچاوکرنی جیاوازی ئایینی و کۆمەڵایتی و کلتوری نێوان کۆمەڵگاکانی ئێمە و ئەوان، هەرچی ئەوان بۆ خۆیانی بڕیار دەدەن ئەمان بەچاوداخراوی هاوردەی کۆمەڵگاکانی ئێمەی دەکەن. هەر ئەوەیشە وای کردوە کێشە خێزانییەکانی ئێمە بەردەوام ڕوو لە هەڵایسان و هەڵکشانە، جیابوونەوەی خێزان، ناپاکی هاوسەرگیری، توندوتیژی خێزانی، ئەمانە ئێستا لە حاڵەتەوە بوون بە دیاردە و تەنگیان بە دەزگا پەیوەندیدارەکان هەڵچنیوەو پێویستیان بەهەڵوێستەلەسەر کردن و بەخۆدا چوونەوەیە.

ڕێکخراوەکانی بەناو داکۆکیکار لەمافەکانی ژنانیش پشکی شێریان لەو بشێوی نانەوەیە بەردەکەوێت، لەڕێی ئەو گوتارە دوژمنکاریانەی بەرامبەر بە پیاوان بەردەوام دەیڵێنەوە، تا کار گەشتۆتە ئەوەی ژن بەچاوی دوژمن سەیری پیاو بکات لەگشت کایەکانی ژیانیدا و بەبەرپسی گشت نەهامەتییەکانی خۆی بزانێت، جا ئەو پیاوە باوک بێت یان برا کوڕ بێت یان هاوسەر لەدیدی ئەواندا هیچ جیاوازی نییە و پێویستە ژن لەململانێی بەردەوامدا بێت لەگەڵی لە پێناو دەستخستنی مافەکانیدا.

ئەوان ئەمڕۆ گوتارەکانیان نەک تەنها دژی پیاوە بەڵکو دژی ئایین و کلتوری کۆمەڵایەتی و گشت بنەماو بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگەیە. ئەوان بە بیانووی پاراستنی مافەکانی ژنان هەوڵی قەدەغەکرن و یاساغکردنی دیاردەی فرەژنی دەدەن بەڵام هیچ قسەیەک یان هەوڵێکیان نییە بۆ بەرگرتن بەدیاردەی لەشفرۆشی و بازرگانی کردن بە جەستەی ژنانەوە کە بە ئاشکرا لە سەنتەرەکانی مەساج و یانەکانی شەوانەدا دەکرێت و تێیدا ئافرەتان هەرچی سوکایەتی هەیە پێیان دەکرێت وپیاو نەک چوار ژن بگرە هەر ڕۆژە و لەگەڵ ژنێکە و ئەو ژنانەیش نەک هەر مافیان نییە بەڵکو هیچ بەهایەکیشیان نییەو لەدیدی ئەواندا هەر وەک سیفۆنێکی تەوالێت تەنها ئامرازێکن بۆ خۆبەتاڵکردنەوە و هیچی تر.

ئێستا ئەگەر پیاوێک لە خانویەکدا دە ژنی لەگەڵ بێت و هیچ پەیوەندیەکی شەرعی لەگەڵ هیچیان نەبێت و هەرچی و هەرچۆنی بوێت لەگەڵیان بکات، کەس ناتوانێت ڕێگری لێبکات و هیچ سەرپێچییەکی یاساییشی نەکردووە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی شەرعی دوو ژنی هەبێت و هەموو مافەکانیشیان بۆ دابین بکات ئەمە بەپێی یاسا یاساغە و دەبێت گشت لایەنەکانی ئەو گرێبەستانە سزا بدرێن. کەواتا ئێمە ئەمانەوێت یاسا بەرەو کام ئاراستە بەرین!؟ بەرەو بەد ڕەوشتکردنی خەڵك یان بەرەو پاراستنی بەها باڵاکانی ؟.!

ئێستایشی لەگەڵ بێت یەك ڕێکخراو نییە کار لەسەر بنەبڕکردنی دیاردەی لەشفرۆشی بکات، کە گەورەترین سوکایەتییە بە کەسێتی و کەرامەتی ئافرەت، بەڵام دێین یاسا دەر دەکەین دژی ئەوەی پیاو دوو ژنی هەبێت،

ئەگەر سەرنجی ئەو گۆڕانکارییانە بدەین کە بەپێی یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی (٢٠٠٨) لە یاسای باری کەسێتیدا و لەژێر فشاری ڕێکخراوەکانی ژناندا کراوە بەڕوونی ئەو ڕۆحی ململانێ و مێگەرایەتییە بە گشت دەقە هەموارکراوەکانەوە دەبینین، کەسەرجەمیان لە پێناو بەرژەوەندی ژناندا بوون بەبێ ڕەچاو کردنی مافی لایەنەکانی تری گرێبەستەکە بەتایبەتی منداڵان و پیاوان.

ئەمانە هەڵەی کوشندەن و لەبری چارەسەر کێشەکان زیاتردەکەن و پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان لێیان بەئاگابێت.

چواردەیەم: بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری هاوسەرگیری لەنێو گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا:

ئێمە شەریعتێکی ناوازەو یاسایەکی باری کەسێتی باشمان هەیە کە ئەگەر لێیان تێبگەین و کاریان پێبکەین زۆرێک لە کێشەکانمان چارەسەر دەبن؛ بەڵام بەداخەوە کەمینەیەکی زۆرکەم لەهاوسەران لێیان بەئاگان و کاریان پێ دەکەن، هەر ئەمەیشە بۆتە هۆی زۆربوونی کێشە خێزانییەکان.

ئاخر کەسێک هاوسەرگیری بکات و نەزانێت مانای هەوسەرگیری چییە و ئەرک و مافەکانی چین و لێکەوتە و شوێنەوارەکانی چین و رێگا چارەکانی کێشەکانی چین، چۆن سەرکەوتوو دەبێت؟!. کەسێک نەزانێت مانای تەڵاق چییە و چەند تەڵاق هەیە و چۆن بەکار دێن و کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەکە چین، چۆن سەرکەوتو دەبێت؟. کەسێک نەزانێت کەی و چۆن مافی جیابوونەوەی هەیە و مافەکانی دوای جیابونەوە چین و تەڵاق و خولع و جیابوونەوە لەرێی دادگاوە جیاوازییان چییەو کەی و چۆن پەنا بۆ هەر یەکێک لەو رێگایانە بەرێت، چۆن سەرکەوتو دەبێت.

رێکخراوەکانی ژنان لەبری برەودان بەگیانی ململانێ لەنێو هاوسەرەکاندا با کار لەسەر بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری شەرعی و یاسایی بکەن لەنێو هاوسەرەکاندا. با هەوڵی راستکردنەوەی هەڵە کلتوری و خێڵەکییەکان بدەن، با هەوڵی بنەبڕکردنی ئەو دیاردە دزێو و هاوردەکراوانە بدەن کە تەنگیان بەخێزانی کورد هەڵچنیوە و هەڕەشە لە هەموو جوانییەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری دەکەن .

کۆتایی

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گرنگترین دەرەنجام و راسپاردەکان دەخەینە روو و سەرەتا لە دەرەنجامەکانەوە دەستپێدەکەین و بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. بەستنەوەی گشت چەمکەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری و ئەرک و مافەکانی بە چەمکی باوەڕبوون بەخواو ترسان لەقیامەت و لێپیچینەوەی خوای گەورە.
٢. وێناکردنی هاوسەرەکان و پرۆسەری هاوسەرگیری و گرنگی پرۆسەکە لە ژیانی مرۆڤدا لەجوانترین و ناسکترین شێوەدا.
٣. هەڵنان بۆ زاڵکردنی هەڵوێست و تێڕوانینە ئەرێنییەکان و چاوپۆشیکردن لەهەڵەو کەموکورتییەکان لەنێوان هاوسەراندا.
٤. هەڵبژاردنی کەسی شیاوو هاوشان بۆ هاوسەرگیریکردن.
٥. هەڵسەنگاندنی تەواوی هاوسەرەکان بۆ یەکترو پەلە نەکردن لە بڕیاردان.
٦. رەزامەندی تەواو بە ئەنجامدانی گرێبەستەکە.
٧. پێدانی مافی مەرج دانان بەهاوسەرەکان.
٨. هاوسەرەکان شیاوی یاساییان هەبێت و توانای بڕیاردانی تەواو و تەندروستیان هەبێت.
٩. دابەشکردنی ئەرک و مافەکان لەنێوان هاوسەرەکاندا بەشێوەیەکی یەکسان و دادوەرانە.
١٠. ناسینی هاوسەرەکان و شارەزایی تەواویان لەیەکترو بە ئاگابوونی تەواویان لە ووردەکارییەکانی پرۆسەکەو مەرجەکانی.
١١. هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و رێگەگرتن لە گەورەبوونیان لەرێی گفتوگۆ و ئامۆژگاری و دانانی نوێنەرو پەنابردنە بەر دادگاو وپێدانی مافی جیابوونەوە لەکاتی سەرکردنی کێشەکان بۆ زیانپێگەیاندن.
١٢. پێدانی مۆڵەتی بەخۆداچونەوە بۆ چارەسەری کێشەکان.
١٣. مامەڵە کردن لەگەڵ پرسەکانی خێزان لەسەر بنەمای دادوەری و بابەتیبوون و داڕشتنەوەی ئەرک و مافەکانی گشت لایەنەکانی گرێبەستەکە لەسەر ئەو بنەمایانە.
١٤. بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری هاوسەرگیری لەنێو گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بەتایبەتی هاوسەران.

سەبارەت بە راسپاردەکانیش لەم چەند خاڵەدا دەیانخەینە روو:

١. پابەندبوون بەدەقە شەرعییەکانەوە لەگشت کایەکانی ژیاندا و لەنێویشیاندا و بەتایبەت لە پرسەکانی پرۆسەی هاوسەرگیریدا.
٢. پێداچونەوەی بەردەوام بە دەقەکانی یاسای باری کەسێتیدا تا توانای گەشەکردن و هەڵکردنی هەبێت لەگەڵ بابەتە هەنووکەیی و سەردەمییەکاندا.
٣. سوودوەرگرتن لە ئەزموون و زانیاری خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزا لەبوارەکانی شەریعەت و یاسا بەمەبەستی هەموار کردنەوەی یاسای باری کەسێتی و رێگە نەدان بەخەڵکانی نەخوێندەوارو نەشارەزا کە قسە لەسەر ئەو پرسە هەستیارانە بکەن.
٤. بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری شەرعی و یاسایی دەربارەی پرۆسەی هاوسەرگیری و پرسەکانی لەنێو گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا.

٥. ڕێگرتن له كارو چالاكییەكانی سەرجەم ئەو ڕێكخراوانەی كار لەسەر قوڵكردنەوەی كێشەخێزانییەكان و گیانی كیبەركێی لەنێوان پێكهاتەكانی خێزاندا دەكەن و لێسەندنەوەی مۆڵەتی كاركردنەكانیان ئەگەر پێویستی كرد.

٦. ڕێگرتن و پاڵفتەكردنی سەرجەم ئەو فلیم و دراما بیانی و نێوخۆییانەی كە كار لەسەر تێك دانی ئارامی خێزان و بنەما ئەخلاقییەكانی دەكەن.

پێڕستی سەرچاوەكان:

: القاموس المحيط لمجد الدين أبو طاهر محمد بن يعقوب الفيروزآبادى (المتوفى: ٨١٧هـ) تحقيق: مكتب تحقيق التراث في مؤسسة الرسالة بإشراف: محمد نعيم العرقسُوسي الناشر: مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان الطبعة: الثامنة، ١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥ م .

:2 مختار الصحاح لزين الدين أبو عبد الله محمد بن أبي بكر بن عبد القادر الحنفي الرازي (المتوفى: ٦٦٦هـ) المحقق: يوسف الشيخ محمد الناشر: المكتبة العصرية - الدار النموذجية، بيروت – صيدا الطبعة: الخامسة، ١٤٢٠هـ / ١٩٩٩م.

:3الفقه المنهجي على مذهب الإمام الشافعي رحمه الله تعالى اشترك في تأليف هذه السلسلة: الدكتور مُصطفى الخِنْ، الدكتور مُصطفى البُغا، علي الشّرْبجي الناشر: دار القلم للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق الطبعة: الرابعة، ١٤١٣ هـ - ١٩٩٢ م.

:4احكام النفقة شرعا وقانونا وقضاء للمحامي جمعة الربيعي / طبع مكتبة المثنى سنة الطبع ٢٠٠٠.

:5الجامع لأحكام القرآن لأبي عبد الله محمد بن أحمد بن أبي بكر بن فرح الأنصاري الخزرجي شمس الدين القرطبي (المتوفى: ٦٧١ هـ) المحقق: هشام سمير البخاري الناشر: دار عالم الكتب، الرياض، المملكة العربية السعودية الطبعة: ١٤٢٣ هـ/ ٢٠٠٣ م.

:6تفسير القرآن العظيم لأبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (المتوفى: ٧٧٤هـ) المحقق: سامي بن محمد سلامة الناشر: دار طيبة للنشر والتوزيع الطبعة: الثانية ١٤٢٠هـ - ١٩٩٩ م.

: 7المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج لأبي زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (المتوفى: ٦٧٦هـ) الناشر: دار إحياء التراث العربي – بيروت الطبعة: الثانية، ١٣٩٢ هجرية.

: 8مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج لشمس الدين، محمد بن أحمد الخطيب الشربيني الشافعي (المتوفى: ٩٧٧هـ) الناشر: دار الكتب العلمية الطبعة: الأولى، ١٤١٥هـ - ١٩٩٤م .

:9اعانة الطالبين على حل ألفاظ فتح المعين (هو حاشية على فتح المعين بشرح قرة العين بمهمات الدين) لأبي بكر (المشهور بالبكري) عثمان بن محمد شطا الدمياطي الشافعي (المتوفى: ١٣١٠هـ) الناشر: دار الفكر للطباعة والنشر والتوريع الطبعة: الأولى، ١٤١٨ هـ - ١٩٩٧ م.

:10الهداية في شرح بداية المبتدي لعلي بن أبي بكر بن عبد الجليل الفرغاني المرغيناني، أبو الحسن برهان الدين (المتوفى: ٥٩٣هـ) المحقق: طلال يوسف الناشر: دار احياء التراث العربي - بيروت – لبنان .

:11 المغني في فقه الإمام أحمد بن حنبل الشيباني لأبي محمد موفق الدين عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة الجماعيلي المقدسي ثم الدمشقي الحنبلي ، الشهير بابن قدامة المقدسي (المتوفى: ٦٢٠هـ) الناشر : دار الفكر – بيروت الطبعة الأولى ، ١٤٠٥ .

:12المحلى لعلي بن أحمد بن سعيد بن حزم الظاهري أبو محمد سنة الولادة : ٣٨٣/ سنة الوفاة ٤٥٦ تحقيق : لجنة إحياء التراث العربي الناشر : دار الآفاق الجديدة مكان النشر : بيروت.

:13حاشية رد المختار على الدر المختار شرح تنوير الأبصار فقه أبو حنيفة ابن عابدين. الناشر دار الفكر للطباعة والنشر. سنة النشر ١٤٢١هـ - ٢٠٠٠م. مكان النشر بيروت.

:14 بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع لعلاء الدين، أبو بكر بن مسعود بن أحمد الكاساني الحنفي (المتوفى: ٥٨٧هـ) الناشر: دار الكتب العلمية الطبعة: الثانية، ١٤٠٦هـ - ١٩٨٦م.

:15التاج والإكليل لمختصر خليل لمحمد بن يوسف بن أبي القاسم بن يوسف العبدري الغرناطي، أبو عبد الله المواق المالكي (المتوفى: ٨٩٧هـ) الناشر: دار الكتب العلمية الطبعة: الأولى، ١٤١٦هـ-١٩٩٤م .

:16منتهى الإرادات لتقي الدين محمد بن أحمد الفتوحي الحنبلي الشهير بابن النجار (٩٧٢هـ) المحقق: عبد الله بن عبد المحسن التركي الناشر: مؤسسة الرسالة الطبعة: الأولى، ١٤١٩هـ - ١٩٩٩م.

:17احكام ومواد القوانين والقرارات المتعلقة بالاحوال الشخصية النافذة في اقليم كردستان _ للقاضي عوني كمال سعيد البزار_ طبع موسسة اولس _ اربيل ٢٠١٠.

:18الجامع الصحيح المختصر لمحمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي الناشر : دار ابن كثير ، اليمامة – بيروت الطبعة الثالثة ، ١٤٠٧ - ١٩٨٧تحقيق : د. مصطفى ديب البغا أستاذ الحديث وعلومه في كلية الشريعة - جامعة دمشق.